سەرکی دەستەی دەروازە سنوریەکان جێتیکردەوە لەسەر پێویستی توندکردنەوەی کۆنترۆڵی دەروازەسنوریەکان

ئەمڕۆ شەممە "لیوا عومەر وائیلی " سەرکی دەستەی دەروازە سنووریەکان، جێختی لەسەر پێویستی توندکردنەوەی کۆنترۆڵی دەروازەکان کردەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکی دەستکەدا هاتووە:-بە مەبەستی بینینی جووڵە و ئاوگۆڕی بازرگانی و پابەندبوونی بەڕێوەبەرایەتیەکان بە ڕێنماییەکانی حکومەت "وائیلی " سەردانکی مەیدانی بە دەروازەی سنووری مونزوریە ئەنجامدا.

لە سەردانەکەیدا وائیلی کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی و کارمەندان و دەزگا ئەمنیەکان و خزمەتگوزاریەکان ئەنجامداو گفتوگۆیانکرد لەسەر گرنگترین ئەو ئامادەکارییەکانی کە دەبێت پێشوەختە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان چارەسەر بکرێن.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە:- سەرکی دەستەکە گەشتکی مەیدانی بە دەروازەکە ئەنجامدا و تیایدا وردبینی لە بارەکان و ئامێری سەنار و کەکردنەوەی باجی گومرگی کرد و وردبینی لە بەڵگەنامەی ئەلیکترۆنیەکان کرد ،هەروەک وائیلی لەگەڵ ژمارەیەک لە شەفەرانی بارهەڵگر کۆبوونەوە و گوێی لە پێداویستیەکانیان گرت و ڕێنمایی کردن بە چارەسەرکردنیان.

لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە:- وائیلی لەتەواوی دیدار و کۆبوونەوەکانی جێتیکردەتەوە

لەسەر توندکردنەوەی کۆنترۆڵی دەروازە و بەندەرەکان بە ڕێگریکردن لە هاتنە ناوەوەی هەر کەسێکی بە مەبەست و چەکردنەوەی پشکنینی خێرا و جانتا و بارهەڵگر و کاڵاکان و ڕێگەنەدان بە دەرچوون و هاتنە ژوورەوەی هەر کەسێک یان ئەتەمبێلێک جگە لەوەی دوای ئەوەی ڕێکارەکانی پشکنینی بەسەردا جێبەجێکرابێت بە ڕێگریکردن لە قاچاخچێتی بە مەبەستی پاراستنی ئاسایش و سەلامەتی هاوڵاتیان.